# پایز ئەمشەو دۆستی منە

سەرهەنگ خامۆش
Xamosh_s@hotmail.com



پایز ئەمشەو ژنێکی شەرمنە

بزەی نەرمی

ئاوێزانی ڕووخساری زەردم کردووە

ڕەنگە هێشتا

لە مەرامەکانی ئەوینی من نەگەیشتبێ

بە ترسەوە

جلەکانی دادەکەنێ...

هەر دوێنێ بوو

دەسگیرانی (شاعیرێك) بوو

کەچی ئەمشەو

ئەلقەی زەردی خەزانم

لە پەنجە سیسەکانی کردووە

وا خەریکە

مارەیی لەمن دەبڕێ...

پایز ڕووتە..من لەو ڕووتتر

ئەو ڕەنگ زەردو..من لەو زەردتر

من پایزم..پایزیش من

پایزئەمشەو دۆستی منە

بۆسبەی شەو

لەباوەشی یەکێکی تر

قژی زەردی شانە دەکا

منیش جەستەم

لەنێو خشپەی گەڵاکاندا

مۆمیا دەبێ و

مارەیی پایز دەژمێرم..

سورِ دەزانم بۆ بەیانی

منی رِەنگ زەرد جێ دەهێڵێ

سینەی بۆ (با) واڵا دەکا

لێوی سەوزی تەرِی بارانیش

ماچ دەکا..

پایز ئەمشەو دۆستی منە...